


## وتەی ئەمجارەمان

کاڵێ بەیانی زوو لە خەو هەستا. دەموچاوی شوت و لیباسی مەدرەسەی کردە بەری و هاتە حەوشە. دایکی خەریک بوو کەوشەکانی لە پێ دەکرد. بەیانی باشی لە دایکی کردو گوتی دایەگیان بۆ کوێ دەچی؟

– دەچمە دووکانی مام قاسم، برێک شیر دەکڕم
– دایە پێم خۆشە من بنێری، با من بچم
– باشە کچم، ها ئەوە پارە، بەڵام زوو وەرەوە، منیش ئەوە سفرەکە ڕادەخەم.

کاڵێ چووە کووچە، گەیشتە دووکانی مام قاسم و گوتی هاتووم بۆ شیری تازە. مام قاسم گوتی کاڵێ گیان، ئەوڕۆ شیرمان بۆ نایە.

کاڵێ هاتەوە ماڵێ و بە دایکی گوت کە دوکانی مام قاسم شیریان نەبوو. دایکی گوتی قەیناکا، وەرە نان و پەنیر و ڕۆن و مرەبا دەخۆین. نانی بەیانی خورا و کاڵێ لەگەڵ هەڵاڵەی رەفیقی چوونە قوتابخانە. کاڵێ دەستی بە گیرفانی داکرد و دیتی لە بیری چووە پووڵەکەی دایکی بداتەوە. پارەکەی لە گیرفان دەرێنا و خستیە نێو جانتاکەی. هەڵاڵە گوتی ئەوڕۆ ئەو هەمووە پارەیەت بۆ هێناوە؟ کاڵێ بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە.

دەمەو نیوەڕۆ وانەی بیرکارییان بوو. کاڵێ کە کتێبی بیرکارییەکەی دەردێنا دیتی پارەکەی نەماوە، ڕووی کردە هەڵاڵە و گوتی کوا پارەکەم؟ هەڵاڵە گوتی:

– من چووزانم. پارەی تۆ لەلای من چی دەکا؟
– هەر تۆ دەتزانی کە جانتای من پارەی تێدایە، مەگەر کێی دیکە دیبووی؟
– ئەمن دەستم بۆ جانتای تۆ نەبردوە،
– با کاری تۆیە، بێنە بمدەوە

دەنگەدەنگیان بەرز بۆوە. مامۆستا گوتی ئەوە هەراهەرایەتان لە چییە؟ کاڵێ بۆی گێراوە کە چ باسە. مامۆستا گوتی تۆ دڵنیای کە پارەکەت لە جانتاکەت دابوو؟ دادەی گیرفانەکانت بگەڕێ؟

کاڵێ دەستی بۆ گیرفانی برد. هەموو گیانی تەزووی کرد. پارەکە لە گیرفانی دابوو. هاتەوە بیری کە کاتێ زەنگی



پشوو لێدرابوو، پارەکەی لە جانتاکەی دەرێنابوو و خستبوویە گیرفانی. چاوێکی لە هەڵاڵە کرد. هەڵاڵە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە چاوی تێ بڕیبوو. کاڵێ سوور هەڵگەڕا، نەیتوانی هیچ بڵێ.

مامۆستا هاتە قسە و گوتی منداڵەکان، ئەوەی بە سەر کاڵێ و هەڵاڵە هات دەرسێکی گەورەی تێدایە، ئەوەی کە قەت لە هیچ و خۆڕا بوختان بە کەسانی دەورووبەرمان نەکەین. ئەمن داوام لە هەڵاڵە ئەوەیە کە کاڵێ ببەخشێ و هەر وەک جاران رەفیقی ئەو بێ.

کاڵێ چاوی پڕ لە شەرمی بۆ لای هەڵالە وەرسووڕاند. هەڵاڵە لە کاتێکدا چاوی پڕ لە فرمێسک بوو و بزەش کەوتبووە سەر لێوی، گوتی دەتبەخشم...



دکتور عوبەیدووڵڵا ئەیووبیان

دکتور عوبەیدووڵڵا ئەیووبیان نووسەر، کەلەپوورناس و زمانزانی گەورەی گەلەکەمانە.

دکتور عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان نەورۆزی ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. لە تەمەنی منداڵی لە لای باوکیو هێندێک مامۆستای دیکە دەرسی خوێندوەو لە تەمەنی تازەلاویدا دەستی بە شێعر نووسین کردوە و بۆ یەکەمین جار شێعرەکانی بە ناوی نهێنی لە بڵاوکراوەکانی کومەڵەی ژێکاف دا بڵاوبۆتەوە.

دکتورعوبەیدوڵڵادوای رووخانی کۆماری کوردستان بۆ درێژدان بە خوێندن و بۆ وەرگرتنی لیسانس چۆتە تاران و دواتر بۆ وەرگرتنی دکتورا چۆتە وڵاتی فەرانسە و دوای وەرگرتنی دوکتوراکەی گەڕاوەتەوە تاران و لەوی دەستی بە وانە گوتنەوە کردوە. بەڵام دوای ماوەیەک لە سەر چالاکیی سیاسی لە زانکۆ دەریان کردوە و رێگەیان پێ نەداوە لە زانکۆ دەرس بڵێتەوە.

بەرهەمەکانی مامۆستا ئەیووبیان لە پێناو خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا زۆرن و بەشێکیان بریتین لە:

چریکەی خەج و سیامەند، چریکەی مەم وزین، چریکەی لاس و خەزاڵ، چریکەی هەڵۆ و کەوێ و هەروەها کتێبی ناوی کوڕان و کچان، میری نەورۆزی و فەرهەنگی کێوی و دەیان کتێب و نامیلکەی دیکە.

مامۆستا ئەیووبیان ٨٢ ساڵ بە تەنیایی ژیا و ژنی نەهێنا و دوای تەمەنێک خزمەت بە نیشتمان و زمان و ئەدەبییاتی کوردی ڕۆژی شەممە، شەشی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ ی هەتاوی لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە بوداق سوڵتان بە خاک سپێردرا.

**ئا: شیلان قوربانی فەر**

## مراوی

مراوی مەلەوانە
لەدەم جۆگە و ئاوانە
کورکەکەی نەرم و جوانە
دەنووکی گەورە و پانە

هێلکەکەی بە برژاوی
لە ڕۆن بێ یا بەکوڵاوی
هەردەم دەیخۆی تاماوی
سۆنەیە دووهەم ناوی

جوجەڵەی زۆر خەپانن
بچووک و نەرم و جوانن
هەردم لەبەر چاوانن
سەربەخۆ مەلەوانن

شێوەی وەکوو بەلەمە
هۆگری ئاو و چەمە
دووری پەژارە و خەمە
ئازاردانی ئەستەمە

محەمەد دارياس

دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
دەستەی نووسەران:
هانا وریا، شیلان قوربانیفەر، بێگەردعەلیپوور
فتۆشاپ و دیزاین: مینا سوڵتانزادە
پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



- باوکێک بە کچەکەی دەڵێ جەدوەلی زەربم بۆ بڵێ.
کچەکەشی بە شێوەیەکی سەیر دەڵێ: لا- لا..... لا+لا...... لالالا= لا.
باوکیشی دەڵێ بۆ جەدوەلی زەربی ئێوە وایە؟ کچەکەی دەڵێ ئاخە ئەوە هۆنراوەکەیەتی.



پیاوێک مانگایەکی هەبوو رۆژێک گیای دەست نەدەکەوت بیداتێ دەچوو پووشی بۆ دێنا و چاویلکەی سەوزی لە چاوی مانگاکەی دەکرد.



مامۆستا لە قوتابییەکانی پرسی مریشکی رەش باشترە یا مریشکی سپی؟
قوتابییەک وڵامی داوە مریشکی رەش.
مامۆستاکەی لێی پرسی بۆچی؟
قوتابیەکە وەڵامی دایەوە مریشکی رەش دەتوانێ هێلکەی سپی بکا، بەڵام مریشکی سپی ناتوانێ هێلکەی رەش بکا.



کابرایەکی قرنیس قاچی دەشکێ. دەچێتە لای دکتور، دکتورەکە پێی دەڵی بە ۱۰۰۰ تمەن بۆت لە گەچ دەگرم، کابراش دەڵێ ئەدی ناکرێ بە ۵۰۰ تمەن بۆم لە قوڕ بگری؟

# سۆز

بێچوە قەلە باچکەیەک لە هێلانەکەی سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد، کۆمەڵێ باڵەندەی بینی لە ئاسمانا ئازادانە دەخولانەوە، ئیرەیی پێبردن، ئامۆژگارییەکانی دایکی لەبیرکرد، کە پێی دەوتن: «تا خۆم هەڵتان نەفڕێنم هەلمەفڕن»

بێجوەکە سەری لە هیلانەکەی دەرهێنا و بە باڵە لاوازەکانی باڵەفڕکەیەکی لێدا، بەڵام لەبەر بێهێزی باڵەکانی و ناشارەزایی کەوتە سەر سوانەی مالێکەوە، لە ژێرەوەش منداڵێکی لاسار بەدیکرد و بە دارلاستیکەکەی سێرەی لێداگرت و گلاندی، هەرچۆنێ بێت قەلەکە خۆی نەدا بەدەستەوە و خۆی گەیاندە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکە و خۆی حەشادا، قاچێکی شکابوو، خوین لە قاج و جەستەی ئەتکا، شەو و رۆژیک بێ ئاوو خواردن مایەوە، بۆ رۆژی دوایی خۆی گەیاندە پشت قاپی ماڵێکەوە ئازارو برسییەتی قیرەی لێهەستاندبوو، بە دەنووکی قاپییەکەی ئەکوتا، هەڵوێست کە منداڵێکی ماڵەکە بوو، بە دەنگیەوە هات، یەکسەر چوو خۆراک و ئاوی بۆهێنا.

بەڵام دەستی رەش وای لە قەلەکە کردبوو کە کین لە هەموو دەستێک هەڵگرێت. بۆیە دەستی هەلوێستی بەر دەنووک دا و ئازاری پیگەیاند، بەڵام ئەم ئازارە لە هەست و سۆزی هەڵوێستی کەم نەکردەوە، بۆ نیوەڕۆ هەر کە باوکی لە کار گەڕایەوە، رووداوەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە، باوکی یەکسەر خۆی گەیاندێ و گوێی بە دەنووکەکانی نەداو تیری کرد لە ئاوو خۆراک، ئەوسا جەستەی پاک کردەوەو زامەکەی تیمار کرد و قاچە شکاوەکەی کە بە زگیەو و بە هۆیخوێنی وشکەوە لکابوو جیای کردەوەو هەڵیبەستایەوە، قەلەکەهاتەوە سەرەخۆ و فڕێ هێزی هاتەوە بەرگیان، هەندێ بەم لاو ئەولای خۆی نواڕی، هەندێ باڵەفڕەی کرد و ون بوو، ئەم رەفتارەی قەلەکە هەڵوێستی نیگەران کرد و لەبەرخۆیەوە دەیوت: سەیرکە جەند بێوەفابوو. لە دوای ئەم هەمووە خزمەت و چاکەیە بێ ماڵئاوایکردن جێهێشتین.

خۆ ئەگەر هاوکاری ئێمە نەبوایە بێشک گیانی لە دەست دەدا، لە دوای دوو حەوتوو لە رۆژێکی هەینیدا قەلەکە بۆ ماڵکە گەرایەوەو لەسەر دارێکی ماڵەکە هەڵنیشت و کەوتە قاغەقاغ کردن، هەڵیست و ئەندامانی خیزانەکەی لێی گربوونەوە، قەلە بە میهرەبانیەوە: چی بڵێیت راستە و مافی خۆتە، ئەم ژیانەم هی ئێوەیە لەدەستم دابوو بەڵام ئێوە بۆتان گەڕاندمەوە بەڵام لە ناخما شتێک دیجووڵاندم هەموو شتێکی لا سڕیمەوە، ئەویش سۆز و بیرکردنی دایک و باوکم بوو، دەمزانی چەند نیگەران و لە خەمی منداں، بۆیە ئەم رەفتارەم نواند ئێستاش داوای لێبوردنتان لێدەکەم، تکایە لێمی قەبوڵ بکەن.

هەڵویست بەڵام مەرجی لێبوردنی من ئەوەیە کە ئیتر نەگەریتەوە و بە یەکجاری ژیان لەگەڵ ئێمەدا بەسەر بەری.

قەل: خۆ دەزانم منت خۆش دەوێ و ناتەوێت لێم جیا ببیتەوە، بەڵام گەر بتوانم پرسیارێکت ئاراستە بکەم..؟ «فەرموو»

تۆ دەتوانی لەگەڵ مندا بیت و لە دایک و باوکت دوور بکەویتەوە و لەناو باخ و دارستاندا بژی؟

هەڵوێست هەرگیزاو هەرگیز،ئەمە کارێکی نەکردو ئەستەمە.

قەل: ئەی کەواتەچۆن من بتوانم ئەمە قبووڵ بکەم.

هەڵوێست: هەر زووبە زوو پەشیمان بۆوەو قەلەی ماچ کردو داوەی لێبوردنی لێکرد، بڕیایدا ئیتر لەمەودا کە تەنها هەر بیر لە حەزو خۆشی تایبەتی خۆی نەکاتەوە، بەڵکوو بیر لە ئارەزوو و خۆشی تێکڕای مرۆڤ و باڵندە و گیانداران بکاتەوە.

**جەواد حەمەبەگ**

## ڕێگای دروست

گوێرەکەیەک دەبوو دارستانێکی چڕ ببڕێ، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگایەکی سەخت و پێچەڵاوپێچ و پڕ هەوراز و لێژی بۆ خۆی کردەوە.

ڕۆژی دواتر، سەگێکیش کە بەو دەوروبەرەدا تێدەپەڕی، بە هەمان ڕێگادا ڕۆیشتو دارستانە چڕەکەی بڕی. ماوەیەک دواتر مەڕێک کە لە پێش مێگەل و گایەک کە لە پێش گارانێکەوە دەڕۆیشتن، ئەو ڕێگایەیان دی و مێگەلەکە و گارانەکەیان بەوێدا پەڕاندەوە.

وردە وردە مرۆڤەکانیش هەر بەو ڕێگایەدا هاتووچۆیان کرد، ڕێگاکە سەخت و ناخۆش بوو، بەڵام کەس هەوڵی نەدا ڕێگایەکی دی بدۆزێتەوە یان ڕێیەکی دیکە لێ بدا.

زۆری پێنەچوو ئەو ڕێگا شاخاوییە لەو دارستانە چڕەدا بوو بە جادە، ئەو ئاژەڵە داماوانە بەو بارە قورسانەیانەوە هەر بەوێدا هاتوچۆیان دەکرد و زۆرجار ماندوویەتی لە پێی دەخستن، ناچار دەبوون بە سێ کاتژمێر ئەو ڕێگایە ببڕن کە دەکرا بە نیو کاتژمێریش ببڕدرێ، واتە هەر ئەو ڕێگایەی کە یەکەم جار گوێرەکەکە کردبوویەوە.

چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕی، ئەو ڕێگایە بوو بە ڕێگای سەرەکیی گوندێک، دواتریش بوو بە ڕێگای سەرەکیی شارێک، خەڵک هەموو نارازی بوون و گلەییان لە خراپی ئەو ڕێیە دەکرد.

لەو بەزم و هەڵلایەدا دارستانی پیر و زانا، بەو خەڵکە پێ دەکەنی و پێی وابوو، مرۆڤەکان وەک نابیناکان پێیان خۆشە، هەر ئەو ڕێگایە ببڕن کە پێشتر دۆزراوەتەوە و لە خۆیان ناپرسن: ئایا ناکرێ ڕێگای باشتر بدۆزینەوە؟!



***

ئەمە یەکێکە لە چیرۆکەکانی کتێبی پائولوکوئیلویە کە بۆ باوکەکان، منداڵەکان و نەوەکان نووسیویەتی

**و: هانا وریا**

## ئەو مەیمونەی گاڵتەی بە هاوڕێکانی دەکرد

لە نێوەڕاستی دارستانێکی گەورەدا کۆمەڵێک مەیمون هەبوون، ئەوان پێکەوە هاوڕێ بوون، هەموویان پێکەوە دەژیان، هەمیشەش خەریکی یاری کردن بوون و کاتێکی خۆشیان لەگەڵ یەکتردا بەسەر دەبرد.

بەڵام لە نێو ئەوان دا مەیمونێکی تێدابوو ناوی قاوەیی بوو. کەس هاوڕێیەتی نەدەکرد و کەسیش خۆشی نەدەویست. هیچ مەیموونێکیش پێی خۆش نەبوو کایەی لەگەڵدا بکا. دەزانن بۆ، چونکی قاوەیی زۆری فشە بە مەیمونەکانی دیکە



دەکرد و هەر کەسێکی دیبایە ناوێکی بۆ دادەتاشی. بە یەکی دەگوت کلک درێژ، و بە یەکی دەگوت تووکن، ئەمیان ناحەز، ئەویان چاوبۆق و ئەویتریان گوێ فیل و ...

دایکی قاوەیی هەمیشە ئامۆژگاریی دەکرد. زۆری پێ دەگوت کە ئەو کارەی زۆر زۆر خراپە، بەڵام ئەو گوێی بە



قسەکانی دایکی نەدەدا و هەر لە سەر ئەو ئەخلاقە ناحەزەی دەڕۆیشت.

ڕۆژێکیان کە خەریکی گاڵتە کردن بە ئەوانی دیکە بوو، لاقی خزی و لەسەر لقی دارەکە ڕا بەربۆوە و لە هۆش چوو. دایکی بردییە لای دکتور.

دکتور دوای پشکنینی قاوەیی گوتی کە دەست و لاقی لە دوو جێوە شکاوە و بۆ



ئەوەی زوو چاک بێتەو،ە دەبێ شیری نارگیل بخواتەوە.

هاورێکانی قاوەیی کاتێ بەوەیان زانی هەموو وێکڕا چوونە سەردانی و شیری نارگیلیان بۆ برد.

قاوەیی کە پێی وانەبوو قەت ئەوان لە کارەکانی ئەو ببوورن، پەشۆکابوو، لە شەرمان سەری داخستبوو. دوایە سەری هەڵێنا و داوان لێبووردنی لێ کردن. قاوەیی بەڵێنی پێدان کە تازە قەتاوقەوت فشە بە هیچ کەس نەکا و هەموو هەوڵی ئەوە بێ چاکە و باشەی کەسانی دەوروبەری بوێ.

**و. پەیام**

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

بێگەرد عەلی پوور

## وانەی دەیەم: کەش و هەوا Weather

## Weather کەش و هەوا

Sunهەتاو



Cloud هەور



Rain باران



Wind با



Snow بەفر



Thunderstorm هەورە بروسکە



Storm ڕەشە با



Rainbow کۆلکە زێرینە



ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

We have the right to live with all our differences ئێمە مافی ژیانمان هەیە بە هەموو جیاوازیەکانمانەوە

### ئەو ڕێگایە دروستە کە یەکسان بە ٢ دەبێ



# شیر



هیوا و هێلین شیریان زۆر پێ خۆشە. ئەوان هەموو بەیانییەک بەر لەوەی بچنە قوتابخانە سەروو پەرداخێک شیر دەخۆنەوە. ئەوان دەزانن کە شیر بەهێزیان دەکا و قازانجی زۆری بۆ ئێسک و ددان هەیە.

دایکی هیوا هەموو رۆژێ دەچێتە بازاڕ و شیری تازە دەکڕێ، ئەو زۆرجار لە بازاڕ و لەکۆڵان ئەو منداڵانە دەبینێ کە بە بێتاقەتی دەچنە قوتابخانە، چونکە ئەوان شیر ناخۆنەوە.



میکرۆبەکان زۆریان رق لە شیرە، پێیان خۆش نییە منداڵان شیر بخۆنەوە و هەمیشە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی منداڵان لە شیر بێزار ببن و نەیخۆنەوە.

ئەو رۆژە دایکی هیوا و هێلین شوشە شیرەکانی لەسەر مێزی نان خواردنەکە دانابوو، هەتا چوو هیوا و خوشکەکەی بانگ بکات بۆئەوەی شیرەکەیان بخۆنەوە، میکرۆبەکان یەکتریان ئاگادار کردوە و دەستیان کرد بە پیلان دانان بۆ شکاندنی شوشە شیرەکان.



سێ میکرۆبی پیس و چڵکن پەتێکیان هێنا و وەک دەمەوانە دەمی شوشە شیرەکانیان پێ داخست و پەتەکەیان بە کلکی پشیلەکەی هیواوە بەستەوە. پشیلە داماوەکە نەیزانی و لە جێی خۆی جووڵا و شوشە شیرەکان بەربوونەوە و شکان.



دایکی هیوا و هێلین ناچار بوو بەو بەیانییە زووە بچێتە بازاڕ و شیر بکڕێ.

هیوا و هێلینیش هاتنە سەر سفرە و دەستیان کرد بە خواردنەوەی شیرەکەیان، میکرۆبەکان تووڕە بوون و بڕیاریان دا دیسان دەست بەکار ببنەوە و رێ لە خواردنەوەی ئەو شیرە بگرن.



میکرۆبەکان بە ژووریدا بڵاو بوونەوە و پێکرا چوون پەرداخەکانیان کە دەست هیوا و هێلێن بەردایەوە، بەڵام دایکی هیوا و هێلین گوتی قەیدی نیە و لیوانەکانی بۆ پڕ کردنەوەو میکرۆبەکان چیتر نەیان توانی سەرکەوتوو بن.



ئێستا هیوا و هێلین شاد و بە کەیفن، چونکە شیریان خواردۆتەوە. ئەوان دەزانن ددانەکانیان بۆیە جوان ماون چونکی هەموو رۆژێ شیر دەخۆنەوە. ئەوان دەزانن کە شیر دەبێتە هۆی ئەوەی لەشی مرۆڤەکان تەندرووست و بەهێز بێ.

دیارە زۆر کەس رقیان لە بۆنی شیرە و ئەمەش وای کردووە شیر نەخۆنەوە، بۆ چارەسەریی ئەوەش دەکرێ شیر لەگەڵ هەنگوین و بەستەنی و مۆز تێکەڵ بکرێ و بخورێتەوە.



ئەوەمان لەبیر بمێنێ کە خواردنی شیر رۆژانە بۆ هەموومان پێویستە و دەبێ رۆژانە 2 تا 3 پەرداخ شیر بخۆینەوە.

**هانا وریا**

# ڕۆژینا و بەسەرهاتی ئاڵای کوردستان

ڕۆژینا شەریفی تەمەنی 9 ساڵە. ڕۆژینا کوردەو ماوەی 4 ساڵە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە لە وڵاتی نۆرویژ دەژی. ڕۆژینا بە باشی کوردستانی بیر نایە، لەبەر ئەوەی کاتێک دایک و بابی بە هۆی کێشەی سیاسیەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جێهێشتوە و ڕوویان کردۆتە هەندەران، ئەو 5 ساڵان بووە. دایک و بابی ڕۆژینا زۆریان هەوڵ داوە کە نیشتمانی کوردستان بە جوانی بە ڕۆژینا بناسێنن. ڕۆژیناش زۆر بە جوانی گوێی لەدایک و باوکی گرتوە و دەڵێ شانازی بەوەدەکەم کەکوردم و خەڵکی کوردستانم.

ڕۆژینا دەزانێ کە کوردستان داگیر کراوە و هیوای هەیە کە ڕۆژێک لە گەڵ دایکو بابی بە ئازادی بچێتەوە کوردستان. لە قوتابخانە کە لێی دەپرسن تۆ خەڵکی کام وڵاتی، ڕۆژینا بە شانازیەوە دەڵێ ئەمن خەڵکی کوردستانم و نیشمانی منیش ئاڵای خۆی هەیە.

ڕۆژێکیان لە قوتابخانە ڕۆژینا چووە ژووری جۆغرافیا. ڕۆژینا بینی کە ئاڵای هەموو وڵاتان لەوێ داندراوە، بەڵام ئاڵای کوردستانی لێ نییە. هاتەوە ماڵێ و بەدڵپڕی بە دایکی گوت دایە بۆ ئەوی هەر ئاڵای کوردستانی لێ نەبوو؟ دایکی گوتی کچە جوانەکەم تۆش ئەگەر سبەینێ چویتەوە بۆ قوتابخانە بە مامۆستاکەتان بڵێ دەمهەوێ ئاڵای وڵاتەکەم بکێشمەوەو لێرەی دابنێم.

ڕۆژینا سبەی کە چووە قوتابخانە بە مامۆستاکانی گوت کە دەمەوێ ئاڵای وڵاتەکەم بکێشمەوەو لەلای ئاڵای وڵاتانی دیکەی دابنێم، مامۆستاکەیان ئاڵای ئێرانی پیشان دا و گوتی ئەدی ئەمە ئاڵای وڵاتی تۆ نییە؟ ڕۆژینا گوتی نا، ئاڵای نیشتمانی من ئاوا نییە. ئاڵای وڵاتی من سوورەکەی لە سەرێیە و سپیەکەی لە نێوەڕاست دایە و سەوزەکەی لە خوارەوەیە و هەروەها لە نێو سپییەکەدا خۆرێکی زەردی تێ دایە.

ڕۆژینا دەسبەجێ دەستی کرد بە کێشانەوەی ئاڵای کوردستان و دایە دەستی مامۆستاکەی و ئەویش لەلای ئاڵا وڵاتانی دیکە هەڵی واسی.

ڕۆژینا بەوە زۆر خۆشحاڵ بوو، لەخۆشیان خەنی ببوو کە دەیدی ئاڵای کوردستان لەلای ئاڵاکانی دیکە داندراوە.



کاتێکیش کە گەڕاوە بۆ ماڵێ لەخۆشیان دڵی پڕ بوو، چاوەکانی فرمێسکیان تێزابوو، ئەو بۆ دایکو باوکی گێڕایەوەکە چۆن لە قوتابخانە ئاڵای کوردستانی کێشاوەتەوەو مامۆستاکەشی شوێنی بۆ داناوە.

لەو ڕۆژەوە ڕۆژینا بەڵێنی بەخۆی داوە کە لە هەموو شوێنێک دەبێ هەوڵ بدا ئاڵای کوردستان بە هاوڕێ نۆرویژییەکانی بناسێنێ و باسی نیشتمانی کوردستانیان بۆ بکا.

**ئازاد عەبباسیان**

## ژیانی گورگەکان چۆنە؟

گورگەکان لە زۆر داستان و ئەفسانەکاندا ڕۆڵێکی خراپ و ناشیرینیان بووە، ئەوە لە حاڵێک دایە ئەو گیانلەبەرە قازانجی زۆرە و بێتوو نەبێ زۆر گیانلەبەری دیکە لەگەڵ کێشە بەرەو ڕوو دەبنەوە.

گورگەکان لەو گیانلەبەرانەن کە بنەماڵەکەیان زۆر خۆش دەوێ و هەموو هەوڵی خۆیان بۆ بەرگری لە خێزانەکەیان دەدەن. گورگەکان بە کۆمەڵ دەژین و هەر گەلە گورگێکیش لە 2 تا 25 گورگ پێک دێ.

گورگی ئالفا ڕێبەری مێگەلەو بەهێزترین و بە ئەزموونترینی گورگی



گەلەکەیە و مێیەکانیشیان دەتوانن لەو ئاستەدا بن. گورگەکان بە شێوەی ئەستوونی و بە دوای یەکدا ریز دەبەستن و گورگی ئالفا پێشڕەویانەو بە نیشانەی ڕێبەری کردنی گەلەکەی گوێی و کلکی قوت دەکا. ئەرکی گورگی ئالفا بڕیار دانە لە سەر ئەوەی بەرەو کوێ بڕۆن و چی بکەن و دیاریکردنی کاتی پشوودان و کاتی پەلامار و ڕاو کردنی گیانلەبەرانی دیکە. دوای ڕاوشکاریش گورگی ئالفا خۆشترین شوێنی نێچیرەکە دەخوا و ئەوانی دیکەش بە پێی توانایان خواردنیان بەر دەکەوێ.

گورگەکان بە جووڵەی دەست و دەموچاویان پێکەوە قسە دەکەن و هەر ئەندامێکی لەشیان بۆ مانایەکی تایبەت بە کار دێنن. گورگەکان توانای بینینی زۆر بەهێزیان نییە، بەڵام توانای بیستن و بۆنکردنیان زۆر بە کارەو دەتوانن لە دووریی نێوان 5 تا 16 کیلۆمیتر گوێیان لە دەنگی لوورەی یەکتر بێ. گورگەکان وەک گیانلەبەرانی دیکەی کێوی پێیان خۆش نیە لە مرۆڤەکان نیزیک ببنەوە، بەڵام ئەگەر برسی بن ئەوا پەلاماری مێگەلە مەڕ و ئاژەڵەکانی دیکەی مرۆڤەکان دەدەن و زیانی بەبار دێنن.

گورگەکان بە هۆی لاقە بڵیند و بە هێزەکانیان ڕاوچییەکی زۆر بە توانان و دەتوانن تا 5 کیلۆمیتریش بە دوای نێچیرەکەیان کەون.

گورگەکان لە نێو دارستانەکان، سەر کێوەکان و تەپکەکان و دەشتاییەکاندا دەژین و لە وەرزی زستان و بەهاردا زاوزێ دەکەن.

**و: مینا سوڵتانزادە**

## دنیای منداڵان بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی ئەو پەپوولانە پیرۆزباییان پێ دەڵێ



یادی لە دایکبوونی یەسنا سۆفی ١٣٩١/٨/٢



یادی لە دایکبوونی رەوەند فەلاحی ١٣٩١/٨/١١



یادی لە دایکبوونی سانا حاجی رەحیمی١٣٩١/٨/٢٨

## ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمە بۆرە

رۆژگارێک داوێن و بەژن و باڵای»ئاربابا» و «کەلی خان»دارستان و لێڕەوارێک بوو، ورچی تێدا ون دەبوو. ترۆپکی چیا، تاکوو یەک دوو مانگ بەهار مەندیلی بەفری لێ نەدەبڕا. شیو و دۆڵ و رووباری، خوڕڕەی ئاو و تاڤگە و هەڵدێران بوو کە تێکەڵ بە چریکەی پەلەوەران، ببوو بە سەمفۆنیای ئەم دارستانەوە شادی و خۆشی بە دڵی گیانداران دەبەخشی، بە تایبەت مرۆڤ.

بولبولی سەوداسەری گوڵ و جوانی کە هەر لە مێژ بوو لە نێو گوڵجاڕ و دارستاندا دەژیا و دەیچریکاند، لە سەر بەرۆکی سوورە گوڵ دەیخوێند، بە دەنگی خۆشی ئەو خونچەی گوڵان دەپشکوتن.

بەیانییەک سوورە مشکێک لێی پەیدا بوو، جیکاندی:» کڵۆڵ و لێقەوماوم رێم بدە با لەم دارستانە رەهەندێک بۆ خۆم لێ بدەم و بە ژیانێکی مەمرە مەژی بەڕێ بچم!»

بولبول بە دەنگە بە سۆزەکەی چریکاندی:»مشکە سووری لێقەوماو، بۆ مەگەر لە تۆ وایە ئەم لێڕەوارە ملکی منە؟ نەتدیوە پڕە لە ئاژەڵ و پەلەوەر، گیانداران بە بێ خەفەت لێرە دەژین و هیچیان لە ژیانی خۆیان ناڕازی نین، تۆش وەرە لە کوێ پێت خۆشە کونێک لێ دە و لێی دانیشە.»

لەو رۆژە بە دواوە مشکە سوور، رەهۆڵی لێ دا و ماڵی بۆ خۆی ساز کرد. بەیانی زوو لە کون دەچووە دەرێ و رەق و تەق، لە سارد و گەرم، لە وشک و نەرم، لە گوێز و لە توو، بادام و مازوو، قەزوان و بەڕوو دەی هێنا و لە کون و کارێژیدا هەمباری دەکرد. شەوانەش لە بەر درگای کونەکەیدا بە زیندەخەوی هەتا بەیانی هەر چڵەی چاوی دەهات.

بولبول لە زەردەی بەیانییەوە بۆن و بەرامەی گوڵانی هەڵدەمژی و بە هەزار بەستە و ئاوازی بە سۆز دەیچریکاند.

بولبول بە هەزاران دۆست و دڵداری پەیدا دەکرد و لە بەهەشتی جوانیدا دەژیا. مشکە سوور لە ترسی ئەوەی هەمبارە پڕەکەی لە دەس نەبێتەوە نەخۆشی رووی تێ کرد، سۆمای چاوی کەم بۆوە، پشتی چەماوە و هێزی ئەژنۆی نەما. کلکی لە بندا هەڵوەری و بۆ هەمیشە خەوی لێ کەوت.

لە پاش نەمانی مشکە سوور، سمۆرە لە سەر هەمباری پڕ پاڵی لێ دایەوە و ماڵی خۆ نەخۆر بوو بە هی چەکمە بۆر.

**سەلاح نیساری**

# داپیرە و بەور

ڕۆژ و ڕۆژگارێک، لە داوێنی چیایەک و لە نێو ماڵێکی دوورەدێدا؛ داپیرەیەک بە تەنها دەژیا. لە سەر ئەو چیایە بەورێکی لێبوو. بەورەکە زۆر کات لە چیا دەهاتە خوار و دەچووە نێو باخچە توورەکەی داپیرە. بەورەکە توورەکانی هەڵدەکەند و باخچەکەی خراپ دەکرد. بێت و بەور ئەم  توورانەی بۆ خواردن هەڵکەندایە، داپیرە ئیزنی توورهەڵکەندنی دەدایە، بەڵام بەور ئەم کارەی بۆفشە وسەرقاڵبوون و گەمە دەکرد و ئەم کارەش داپیرەی زۆر تووڕە دەکرد.

ڕۆژێک لە ڕۆژان داپیرە بەورەکەی بینی کە خەریکی توور هەڵکەندن و بڵاو کردنەوەیان بوو. داپیرە وای فیکر کردەوە کە ئیدی لێبڕاوە، دەبێ کارێک بکات و بەری ئەم کارە ناحەزەی بەور بگرێ.

دەیجا داپیرە پیلانێکی گێڕا: داپیرە لە سەرە خۆ بە بەورەکەی ووت: »هۆ بەورەکە، هۆ! ئەوە بۆچی ئەم توورە بێ تام و چێژانە دەخۆی؟ بێت و شەوێ بۆ شێو کردن ببیە میوانم، چێشتێکی زۆر خۆش و بە تام و چێژت لە برینج و پاقلەی سوور بو لێدەنیم.«

بەور لەم بانگهێشتنە شاد و خۆشحاڵ بوو، دەسا بە داپیرە ی ووت: «باشە، شەوێ دێم».

بەورەکە بەرە و لووتکەی چیاڕۆیی، داپیرەش برینج و پاقلە و هیچی نەکوڵاند و چێشتی ساز نەکرد. لە جیاتیدا، مەنقەڵێکی ڕەژووگەشاندەوە و لە حەوشەی پشتەوەی ماڵێدا داینا. لە پاشان کووپەیەکی پڕ لە ئاو کرد، بیباری سووری تیژی تێکرد و لێکیدا و هەولەیەکی پڕ کرد لە دەرزی و لەسەرکووپەکەی دانا. ئەمجار لە بەر دەرگای دەرەوەی مووبەقیش ریزاوڕیز تەپاڵەی پان کردەوە و حەسیرێکی بە سەر داکێشا. لە دوایی دواییدا کابرایەکی کۆڵکێشی بە کرێ گرت و لە سەرەتای شەوڕا چاوەنوارِ لە پشت دەرگا داینا. کاتێ دایە پیرە ئەم کارانەی جێبە جێ کرد، لە ژوورەکەی دا چاوەنواڕی بەورە دانیشت. لە کاتی هەوا تاریک بوون‌دا، بەورە گەیشتێ و هەرایکرد: «ئەوا هاتمدا پیرە.»!

داپیرە وای دەنواند کە بەخێر هاتنی پێ دەڵێ، بە بزەیەکەوە دەرگای کردەوە و وتی:

«ئێوارێت باش ئاغا بەورە! زۆر شادم بەوەی تەشریفت هێناوە، فەرموو، فەرموو. بەڵام ئای خواگیان! دە تۆغا دەقیقەیەک ماتڵبە. بە زەحمەت نەبێ ئەو مەنقەڵە ئاگرەی لە حەساری پشتەوەیە بیهێنە ژوورێ، تۆزقاڵێک سەرمامە».

بەورە ڕۆیشتە حەساری پشتەوە و تەماشای کرد مەنقەڵەکە کوژاوەتەوە. بەورەکە هەرای کرد: »دایە پیرە مەنقەڵەئاگرەکە کوژاوەتەوە»!

داپیرەش وڵامی داوە: «فووی لێکە ئاگرەکەی لە ژێر خۆڵەمێشەکە دایە».

بەورە بە چاوی داپچراوەوە فووی لە مەنقەڵەکە کردو هەموو خۆڵەمێشەکە لە چاوی ڕۆچوو. بەورەکە هاواری کرد:»ئای چاوم کوێر بوو».

بەورە چاوەکانی هەڵگلۆفی تا برژانەوەکەیان کەم بێتەوە. بەڵام ئەوەندەی چاوەکانی هەڵدەگلۆفی، زیاتر دەبرژانەوە و ئێشەکەیان زیاتردەبوو.

بەورە گێژ و وێژ بوو، دەی‌ناڵاند و دەیوت «دایە پیرە، خۆڵە مێش لە چاوم ڕۆ چووە، زۆر دێشێن، چی بکەم؟ چی بکەم؟»

داپیرە خێرایەکی وڵامی داوە: «هەک کوێر بم، گیانەکەم، کووپەڵە ئاوێک لە مووبەقە، بە ئاوەکەی دەم و چاوت بشۆوە».

بەورە کە لە کات و ساتدا هەڵات بۆ مووبەق و بە پەلەپەل ئاوی کووپەڵەکەی بە سەر و چاوی خۆی‌دا کردو چما لە یادتان مابێ، داپیرە ئاوی نێو کووپەڵەکەی پڕ کردبوو لە بیباری سووری تیژ! دە جا وەرن و باش تێفکرن و بزانن بەور چ حاڵێکی بوو؟ ئێش و ژانی چاوی ئەوەندە زۆر بوو، لەوانە بوو شێت بێت. بەورە هاواری کرد: «ئای چاوم، وەی چاوم، داپیرە ژان و ئێشی چاوم زیاترو خراپتر بوو»!

داپیرە: «ئاخ چاوەکەم، چاوەکانت بەو هەولەیەی سەر کووپەڵەکە بسڕە».

لە کاتێکدا خەریک بوو بەورە کوێر بێ، هەولەکەی کردەوە و چاوەکانی پێ ئەستری دەرزییەکان بە چاوی دا چوون و لە دۆخێکدا هەڵبەز و دابەزی بوو، هاواری دەکرد: «ئای ئای چی پێوەی‌دام»؟

دەیجا بەورەکە لەم دۆخەدا لێی حاڵی بوو دایە پیرە فریوی داوە. بەورە ویستی هەڵێ و ڕاکات، بەڵام هاکا لە مووبەق دەرپەڕیە دەرێ، لاقەکانی بە سەر تەپالەکاندا هەڵخلیسکان و کەوت بە سەر حەسیرەکەدا. حەسیرەکەش لە دەوری لەشی هاڵا و بەورەکە بەرەو کابرای کۆڵ کیش خللۆر بۆوە. کۆل کێشەکە حەسیرەکەی دا بە کۆڵی خۆیدا، بەورەکەش لە ناو حەسیرەکەدا بوو، بردی بۆ سەر چەم و لە چەمەکەی هاویشت. ماوەیەک بە سەر داهات  تاکوو بەور توانی بە مەلە کردن خۆی بگەیەنێتە ئەو بەری چەم.

بەڵێ دۆستان بەور لەوەبەدوا ببڕەو ببڕ نەیوێرا  بە لای باخچە تووری داپیرەدا بڕوا.

**ئەفسانەیەکی کۆماری کۆرە**
**حوسێن شێربەیگی کردوویەتی بە کوردی**





منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو کاردەستی یانە ساز بکەن. بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوەو پاشان کارەکانتان بینێرن بۆ منداڵپارێزیو خەڵات وەربگرن






پێم خۆشە بە دڵی خۆتان ڕەنگم بکەن






## وڵاتەکەمان بناسین

### « ڕەبەت »



ڕەبەت ناوچەیەکی کۆنی کوردستانە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی مانابییەکان دەگەڕێتەوە. ڕەبەت خاوەنی شارستانییەتی ئۆڕارتۆوەکانە و ناوەندی حکوومەتی دەوڵەتشاری مووساسیرەکان بووە و ئێستاش کانیەپاش قەڵاتی ڕەبەت هەر بەو ناوە دەناسرێ.

ناوچەی ڕەبەت بە گشتی لە شاری ڕەبەت و ٨٧ گوندی بچووک و گەورە پێک هاتوە کە گەورەترین گوندی ٢٠٠٠ ماڵە و چووکترین گوندی ٢ ماڵە.

حەشیمەتی نێو شاری ڕەبەت بە ٢٠٠٠٠ کەس دادەنرێ و نیزیکترین شار بە شاری سەردەشتە.

بەرزترین کێوەکانی ڕەبەت بریتین لە تەرخان، مەیدان چۆغە، بەردەکوڕ، کەپری، برایم جەلال، خێرەک و سپی ڕێز.

ڕەبەت ئەگەر بە زۆر ناوچەیەکی لێڕەوارە بەڵام چەند دەشتی گەورەی تێدا هەڵ کەتوە کە دەشتەکانی سەندیقە، مەکڵاوێ و هەنداوییە چەند نموونە لەوانن.

ڕەبەت جگە لە خۆی کە ئاسەواری باستانی زۆری هەیە، لە دەورووبەری گوندەگانیشی شوێنی مێژوویی و شار و حاکمی تر هەبوون، بۆ نموونە شاری سەندیقە، قەلاتی گەرێ، قەلاتی مەکڵاوێ، شاری زەنگوڵە زێڕینە،( نۆ بووکە) کۆخی کورتەکی، مەلا و سووری بریسوێ کە ئاوەکەی بۆ نەخۆشی کەڵکی زۆری لێ وەردەگیرێ.

جگە لەوانە چەندین شوێنەواری دیکەی لێیە وەکوو قەڵاتی ڕەبەت، ئەشکەوتی سەرچاوە، ئەشکەوتی قەڵاتاسیان و ئەشکەوتەکانی چیایی نستان وەک کونەپێست.

ا ڕەبەت چەندین سەیرانگای خۆشی تێدا هەڵ کەوتوە کە دەم چۆمی کەڵوێ و گوندی گۆمان و چۆمی ئالیازی بەشێک لەوانن.

**رازاو هەمزەپوور**

## پشیلەو ڕێوی

پشیلەیەک گەیشتە ڕێوییەک. پشیلە کە وەیزانی ڕێوییەکە ئاژەڵێکی زیرەکە سڵاوی لێ کرد و وتی: ئەرێ باشی؟ ڕێوییە لەخۆڕازییەکە چاوێکی لە پشیلەکە کرد و وتی: ئەی فەقیر! ڕاوچیی مشکان! چۆن ئیجازەت بە خۆت داوە سڵاو لە من بکەی؟ ئەسڵەن ئەتۆ چەندە دەزانی؟ چ هونەرێکت هەیە؟

پشیلەکە سەری داخستو وتی: من تەنیا یەک هونەرم هەیە.

ڕێوی لێی پرسی: چ هونەرێک؟

پشیلەکە وتی: کاتێک سەگەل ڕێم دەکەون خێرا هەڵدێمە سەر دارو ژیانی خۆم ڕزگار دەکەم.

ڕێوی پێکەنی و وتی: هەر ئەوە؟ بەڵام ئەمن سەد هونەرم هەیە. زگم بە تۆ دەسوتێ و ئێستاش دەمهەوێ فێری ئەوەت بکەم کاتێ سەگەل ڕێت کەوتن چۆن لە بەرامبەریاندا ڕاوەستی.

لەو کاتەدا ڕاوچیەک بە سەگەکانیەوە پەیدا بوون. پشیلەکە خێرا هەڵاتە سەر دیوارەکەو هاواری کرد: هەڵێ مام ڕێوی!





ڕێوی هێشتا نەبزوتبوو سەگەل گرتیان. پشیلەکە بەدەنگێکی بەرزەوە وتی: مام ڕێوی بە سەد هونەرەوە گیرای؟ ئەگەر وەک من تەنیا یەک هونەرت هەبایە و ئاواش لەخۆڕازی نەبای ئێستاکە کەوڵیان نەدەکردی.

**ئامادەکردنی: نیعمەت مەلا**

# نەقاشی و وێنەکانتان لە دنیای منداڵاندا












سیاکۆ خەواڵی


مەتین بۆکانی


مێهران محەممەد سابیر


لەنیا ئەحمەد


ئارتین ئاهەنگەری


سکاڵا دامەک


ژولیان شێخ ئەحمەدی


کانی تۆبەکار


تەلار دەروێشی


پێشەوا نووری


خانی سۆفی


ئەوین فەرزین





**چەند دیمەنێک لە منداڵانی ناوەندی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

